نێچیرڤان بارزانی بیرەزبایی لە دۆناڵد ترەمپ دەکات



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، پەیامێکی ئاڕاستەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ئەمریکا کرد و جەختی لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان گەلی کورد و گەلی ئەمریکا کردەوە.

نێچیرڤان بارزانی لەپەیامێکدا بڵاویکردەوە، "بە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، پیرۆزبایی لە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەکەم بە بۆنەی دەستبەکاربونی وەك 47ەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا".

هاوبەشیی بەهێزمان لەگەڵ ئەمریکا بەرز دەنرخێنین

ئاماژەی بەوەشکردوە، "هاوبەشیی بەهێزمان لەگەڵ ئەمریکا بەرز دەنرخێنین و چاوەڕوانی هاوکاریی نزیکین بە پێشخستنی ئاشتی، سەقامگیری و بەها هاوبەشەکانمان".